# ڕووداوێکی دڵ پڕوکێنەر لە زەماوەندی گواستنەوەی ڤیاندا



(ڤیان) کە تەمەنی گەیشتە بیستوو دووساڵی، فەرمانی دەرچوونی وەك فەرمانبەرێك لە فەرمانگەیەکی حکومی بۆ دەرچوو، ئەو بەدڵ حەزی دەکرد دەستی لە وەزیفەیەك گیر بێت و پاشان مێرد بە کەسێك بکات کە خۆشیویستبێ، ساڵێك دەبوو لە فەرمانگەکەیان دامەزرابوو، ژیانی ئاسایی خۆی بەڕێدەکرد.

تارۆژێك کوڕێکی گەنج، لە تەمەنی خۆی، بەکارێك ڕێیدەکەوێتە فەرمانگەکەیان و کارەکەی دەکەوێتە لای (ڤیان)، کوڕە کەناوی (خەسرەو)دەبێ، تۆزێك دیقەتی (ڤیان) دەدات و سەرنجی دەداتێ، هەردووکیان بۆ چەند ساتێك چاو دەبڕنە یەك، دەتوانێ هەر ئەو ڕۆژە کارەکەی بۆ تەواو بکات، بەڵام زۆر حەزی دەکرد جارێکی تریش ئەو ببینێتەوە، ئیتر ئەوە بوو بە زمانێکی شیرین و میهرەبانییەوە داوای لە کوڕەکە کرد کە بەیانی ئەگەر دەتوانێ بێتەوە کارەکەی بە تەواویکراوی دەداتێ، کوڕەش خەندەیەکی بۆ دەکات و ڕازی دەبێت، ئەو ڕۆژە(ڤیان) گۆڕانێکی سەیری بەسەردادێت، بە درێژایی ئەو ڕۆژە دڵخۆش و گەشبین، دەم بەخەندە و پێکەنیناوی بوو، خەیاڵی دەموچاوی کوڕە و ساتەکانی بینینی هەمیشە لەبەرچاوی بوو.

بەهەرحاڵ ئەو ڕۆژەی بەو خەیاڵانەوە بەڕێکرد، بۆ بەیانییەکەی بەر لەوەی بچێتە فەرمانگەکەیان نزیکەی کاتژمێرێك لەبەر ئاوێنەوە خەریکی خۆی بوو، چەندی پێبکرابایە حەزی دەکرد خۆی جوان بکردایە.. کە گەیشتە فەرمانگە چاوی هەر لەسەر کاتژمێرەکە بوو، بزانێ کەی دێت، ئەو کارەکەی بە جوانترین شێوە بۆ تەواوکردبوو، هەر ئەوەندە بوو بێتوو بیداتەوە دەستی، کاتژمێر گەیشتە نزیکەی دوونیو کوڕە نەهاتبوو، تۆزێك دڵی توووند لێیدا تا کاتژمێر یانزەونیو هەر نەهاتبوو، گڕوتینی (ڤیان) خەریکبوو وردەوردە خامۆش دەبۆوە و جۆرە دڵتەنگی و بێئومێدییەك هوڕووژمی بۆ هەناوی دەهێنا.. ساتێك کوڕەی لەبیرخۆبردەوە، لەپڕ هاتە ژوورەوە و سڵاوێکی بەگەرمی لێکرد (ڤیان) ڕەنگوڕووی گۆڕا و جۆش و خرۆشییەکەی پێشتری هاتەوە بەرەخۆی، کارە تەواوکراوەکەی دایە دەستی و بەبیانووی ئیمزاکردنی لەلایەن بەڕێوەبەرەوە لە ژوورەکە هاتە دەرەوە و بۆی بردە لای بەڕێوەبەر و هاتە لای، ئیتر تا نزیکەی دەرگا لەگەڵی چوو، لەم ماوەیە ئەو شتانەی دەبوو بگوترێت لەگەڵ یەکیان گوت، ئەوان چەند جارێکی تریش یەکتریان دیتەوە و دواتر پەیوەندییەکی خۆشەویستی توووند هەردووکیانی بەیەکەوە گرێدا.

## زەماوەندێکی نابەدڵی

پەیوەندی نێوان(ڤیان)و(خەسرەو) پەیوەندییەکی زۆر بەهێز و توندوتۆڵ بوو، بەڵام ئەو پەیوەندییە هەر چەند مانگێکی خایاند، (خەسرەو) بەدڵ و بەگیان حەزی دەکرد بچێتە داخوازی (ڤیان)، بەڵام لەبەرهیچ شتێکی نەبوو، خۆی تازە لە وەزیفە دامەزرابوو داخوازی و ماڵ پێکەوەنان کارێکی ئەوها سانا نەبوو بۆی، بۆیە بەنابەدڵی پرۆژەی زەماوەندیان دواخستبوو، لەو ماوەیەش یەکێ لە خزمەکانی باوکی (ڤیان)، کە لە خێزانێکی زۆر دەوڵەمەند و بە ئیمکانیات بوو، داوای دەستی (ڤیان)ی کرد، باوکی (ڤیان) زۆری پێخۆش بوو کچەکەی خۆی بداتە ئەو خێزانە، بەڵام(ڤیان)بەبیانووی ئەوەی کە جارێ نایەوێ مێرد بکات ئارەزووی مێردکردنی نیشان نەدابوو، باوکی زۆری هەوڵی لەگەڵدا، سەرەتا بەخۆشی و بەهێمنی هەوڵیدا، بەڵام بێسوود بوو، (ڤیان) رازی نەدەبوو، باوکی (ڤیان) نەیدەزانی هۆیە راستەقینەکە چییە، بەڵام ئەوەشی پێگووت: کچم تۆ بەرژەوەندی خۆت نازانی جارێ کەم ئەزموونی، تۆ هەر دەبێ مێرد بکەی جا بەیەکێکی دەوڵەمەند و ساماندار بیکەی باشتر نییە لەوەی بە یەکێکی هەژاری نەبوو شوو بکەی!؟ کە حەسرەتت هەمموو شتێك بێت.. ئەمرۆ ژیان زۆر قورسە وا بەئاسانی دابین نابێت، دەردی کرێچییاتی گرانە و مرۆڤ پیر دەکات، جارێ زۆریشت لێناکەم، بۆخۆت بیربکەوە و قسەکانیشم بە باشی هەڵسەنگێنە، دوای تەواوکردنی قسەکانی (ڤیان)ی بەجێهێشت و رۆیشت (ڤیان) بەتەنیا مایەوە و دەستی بەگریانێکی هێمن کرد ئەو لەو بڕوایە دابوو، خۆشەویستی هەژاری و دەوڵەمەندی ناناسێ، ئەوەی خۆشم دەوێ با نەبوو و هەژار بێت چی تێدایە، ئەو وای بیردەکردەوە کە باوکی تەنیا لەرووی ماددیاتی ژیانەوە سەیری مێردکردن دەکات و بەس، نەك لە روانگەی مرۆڤایەتییەوە بەهرەحاڵ (ڤیان) لە خێزانێکدا بوو کە تەنیا باوك بریاردەری ژیانی ئەندامانی خێزان بوو، نەك خودی کەسەکان خۆیان، نەیدەتوانی تەنانەت قسەی باوکیشی بشکێنێ، چ جای ئەوەی پێچەوانەشی بووەستێتەوە، ئەو نەرمەفشارەی باوکی وایلێکرد تا درەنگی شەو بیر بکاتەوە و دواجار گەیشتە ئەو بیرۆکەیەی لەگەڵ (خەسرەو) رێکبکەون، کە بێتە خوازبێنی و مارەی بکات، تانزیکەی ساڵێك بوەستن تا خۆیان بەباشی پێدەگەیەنن و خۆیان کۆ دەکەنەوە، بەیانییەکەی لەگەڵ (خەسرەو) باسەکەیان کردەوە، چەند کاتژمێرێك پێکەوە گفتوگۆیان کرد و نەگەیشتنە هیچ دەرەنجامێك، چەند رۆژێك دووبارە دەستیان بەگفتوگۆکردەوە دەرەنجام هاتنە سەر ئەوەی کە دوای چەند رۆژێك(خەسرەو) ژن بنێرێتە ماڵی باوکی و داوای دەستی بکات... وەك رێککەوتبوون بەمشێوەیان کرد، کاتێك باوکی(ڤیان) لەکاروکاسبی و توانای دارایی (خەسرەو)ی پرسیبوو، ئەوانیش گوتبوویان کە جارێ ئیمکانیاتی نییە ژن بگوازێتەوە، دوای دەخەین تاوەکو بڕە پارەیەك کۆدەکاتەوە بۆ ماڵ دانان و زەماوەندکردن، ئێستا تەنیا مارەی دەکەین، کە باوکی(ڤیان) ئەو قسانەی بیست، یەکسەر بێ ئەملاو ئەولا، داخوازییەکەیانی رەتکردەوە و پێشی گوتن با چیتر نەیەنەوە و کچەکەمان بەمێرد نادەین.. ئەم وەڵامە وەڵامێکی دەمکوتکەرانە و یەکلاییکەرەوە بوو، وایلێکردن بیرابیر جارێکی تر بیر لە هەوڵی دووبارە داخوازیکردن نەکەنەوە.

کە (ڤیان) هەڵوێستی باوکی دیت، دنیایەك خەفەتبار و سەرگەردان بوو، ئەوشەوە تا بەیانی نەخەوت و ژیانی بەتەواوەتی لێ تاڵ بوو، بەڵام باوکیشی لەولاوە بریاری خۆی دابوو، دوای دوو رۆژ هەواڵی بۆ ماڵە دەوڵەمەندەکە نارد کە بێن بۆ داخوازی (ڤیان) ئەوە بوو ژنان هاتن و بەشێوەیەکی رەسمی داخوازی (ڤیان)یان کرد، سەیر لەوەدابوو کە(ڤیان) مات و مەلوول و بێدەنگ بوو، هیچ هەڵوێستێکی رەتکردنەوەی نەنواند.. دواتر کە رۆژی مارەکردن هات، (ڤیان) و کابرای داخوازیکەر یەکتریان دیت و پێکەوەش چەند خولەکێك قسەیان کرد، بەڵام داخوازیکەرەکە هەستی کرد کە کچە تەواوێك خەمبار و خەمۆکە، بەجۆرێك ناچار بوو کەلێی بپرسێ بۆچی وا دڵتەنگ و مات دیارە، ئەویش لەوەڵامدا پێی گوتبوو کەوا ئەو چەند رۆژە تۆزێك شەکەت و هیلاك بووە و هیچی تر، کابرای داخوازیکار قەناعەتی بەقسەکەی هات و چیتر لێی نەپرسییەوە، پاش ئەوە رۆژی زەماوەند دیاریکرا و ماڵی زاواش کارتیان دابەشییەوە و خزم و کەسوکاریان داوەت کرد، کە رۆژی ئاهەنگ گێران هات (ڤیان) چاوەڕێی کرد و تا زاوا هات، دوای ئەوەی پێشتر بردبوویانە ئارایشگا و رازاندبوویانەوە جلی بوکێنییان لەبەرکردبوو، هەر بەو جلانەوە لە ژوورێك بەتەنیا دانیشتبوو، پێش ئەوەی هەواڵەکەی بدەنێ مستە حەبێکی کۆکردبۆوە و لەناو دەستی خۆی نابوو، کە هەواڵەکەیان پێدا ئەویش حەبەکانی قووت دا و بەکرێ هەڵسایەوە سەرپێ، ژنانی ئەوێندەر بانگیان کرد و لەدەرگەیان دا و دوو ژن چوونە لای و بە هەلهەلە لێدان دەستیان گرت و بردیانە حەوشەی ماڵەکە، ئەوسا زاوا هات و دەستی گرت، تاوێك راوەستان تا وێنەیان گرتن، کەسوکاری هەردوولاش بە چەپڵەڕێزان و هەلهەلە لێدان ئەو ناوەیان پڕجۆش و خرۆش کردبوو، کەچی (ڤیان) وردەوردە رەنگی زەرد هەڵدەگەڕا و بێ تاقەت و بێهێزتر دەبوو، هێڵنجی دەهات و بەرچاوی تاریك دەبوو، هەستی بەسەرئێشەیەکی توند و سەرسووڕان دەکرد.. ئەوەندەی پێنەچوو وەك تەنێکی قورس کەوتە سەر زەوی، لەگەڵ بەربوونەوەی ئەو، چەپڵەڕێزان و حەشامەتەکەی ئەوێ شڵەژا، بووە قیژە و هاوار و باوکەڕۆ بەپەلە بردیانە ناو ئۆتۆمبێلێك و گەیاندیانە نەخۆشخانە، لەوێش چەند پزیشکێك لەدەوری کۆبوونەوە و نزیکەی نیوکاتژمێرێك خەریکی بوون، بەڵام نەك هەر نەیانتوانی بەهۆش خۆی بهێننەوە، بەڵکو دوایی دڵیشی لەلێدان کەوت و مرد، پزیشکەکان گوتیان بەو حەبانەی کە خواردویەتی جەستەی ژاراوی بووە.

**ئەو رۆژە ڤیان گۆڕانێکی سەیری بەسەرداهات، بەردەوام دڵخۆش و گەشبین بوو، دەم بەخەندە و پێکەنیناوی بوو، خەیاڵی دەموچاوی کورە و ساتەکانی بینینی هەر لەبەرچاو بوو**

**کە (ڤیان) هەڵوێستی باوکی دیت، دنیایەک خەفەتبار و سەرگەردان بوو، ئەوشەوە تا بەیانی نەخەوت و ژیانی بەتەواوەتی لێ تاڵ بوو**

